سودانی داوای لێکۆڵینەوە لە هێرشی سەر کۆگای غازی کەرمەر دەکات

فەرماندەیی گشتی ئێپراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق رایگەیاند، محەمەد شیاع سودانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق لیژنەیەکی ئەمنی راسپاردوە بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لەسەر رووداوی هێرشە موشەکییەکەی کۆگای غازی کەرمەر.

فەرماندەی گشتی ئێپراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق لە راگەیەنراوەکدا باویکردوە، حکومەتی عێراقی لە هەوڵی پێرێپگدانی ژێرخانی ئابووری وڵات و دابینکردنی ژیانەکی شایستە بۆ هاوڵتیان و پاراتسنی ئابووری نیشتمانییە، بەڵام چەند گروپەکی وڕانکەر هێرشیان کردوەتە سەر کۆگای غازی کەرمەر کە دەکەوتە باشووری پارێزگای سلەمانی.

ئاماژە بەوەشکراوە، بەهۆی ئەو هێرشەوە چەند کێگایەکی پاراستنی غازی شلی تایبەت بە کەمپانیایەک زیانیان بەرکەوتوە، بەڵام زیانی گیانی نەبوە، لە ئەنجامیشدا پرۆسەی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ ماوەیەکی کاتی وەستاوە.

ئەوشخراوەتەوە، لەسەر ئەو رووداوە تێکدرانییە، محەمەد شیاع سودانی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق، فەرمانی کردوە لیکۆڵینەوە لەسەر رووداوەکە بکرێت و تەواوی نهێنییەکانی لە

ماوەی 48 کاتژمێردا ئاشکرا بکرێت.

لە راگەیەنراوەی فەرماندەیی ئێپراسیۆنە هاوبەشەکان باس لەوەشکراوە، سودانی داواشیکردوە، رێکاری یاسایی بەرامبەر ئەو لایەنە بگیرێتە بەر کە ئەو تاوانەی ئەنجامداوە و هەوڵی لەسەر پێژیکی وزەی سنوری هەرێمی کوردستان دروستکردوە.